# یادکردنەوەی ١١ی مارت لەهەرێمبەندی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان























له بیرەوەری ١١ ی مارتدا لیژنەیەکی بالا لە کاربەدەستانی ئەنجومەنی یاسادانان و ئەنجومەنی تەنفیزی و لقی ژووری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و بەرەی نەتەوەیی و پیشکەوتنخواز دەزگاو ڕێکخراوە میللییەکان پێکهات .

بە پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو ئەم یادە کرایەوە .

ڕواڵەتی شار بە چەندان دروشمی ئەم یادگارە نیشتمانیە ڕازابەوە ، شەوی ١١ی مارت ئاهەنگێکی وتار خوێندنەوەو هونەری لە لایەن یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانەوە لە هەولێر لە هۆلی یەکێتی سازکرا .. لەم ئاهەنگەدا ژمارەیەك لە لێپرسراوانی حزب و کاربەدەستانی دەوڵەت و جەماوەرێکی زۆر بەشدار بون ..

هەمان ڕۆژ سەر لە بەیانی لە هۆلی ئەنجومەنی یاسادانان سەرۆکی هەردو ئەنجومەنەکە و جێگری سکرتێری لقی ژووری حزبی بەعس و پارێزگاری هەولێر بە گەرمی پێشوازی یان لە کاربەدەستانی شارو نوێنەری ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان و خەڵکی شار کرد .

لە گۆڕەپانی ئازادی ئاوەرە خۆ پیشاندانێکی گەورە دەستی پێ کرد ، کە لە پێش جەماوەرەکەوە سەرۆکی ئەنجومەنەکانی یاسادانان و تەنفیزی و جێگری ئەمینداری نهێنی لقی ژووری حزبی بەعس و پارێزکاری هەولێر و لیژنەی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پیشکەوتنخوازو یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ـ لقی هەولێر ـ و یەکێتی نەقابەکان و ڕێکخراوە گەلیەکان ئەڕۆیشتن .. نەقابەی کرێکاران و کۆمەڵە فەلاحیەکان و دەزگاکانی حکومەت و خەڵکێکی زۆر خۆیان تیا نواند .

سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی ماموستا هاشم عەقراوی و ئەمینداری نهێنی ئەنجومەنی یاسادانان ماموستا ئیسماعیل ڕەسول و بەڕێز عەدنان داود جێگری ئەمینداری نهێنی لقی ژووری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب نوێنەری بەرەی نیشتمانی و سەرۆکی یەکێتی نەقابەکانی کرێکاران لە هەولێرو نوێنەری ڕێکخراوە میللیەکانی پارێزگای هەولێر وتاری خۆیان بەم بۆنەیەوە خوێندەوە .

**دوای ئەوەش بەناوی جەماوەری هەولێرەوە بروسکەیەکی پیرۆزبایییان بۆ سەرۆکی فەرماندەی تێکۆشەر بەڕێز احمد حسن البکرو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش هەڤاڵ صدام حسین نارد ..**

دیسانەوە ئێوارەی ڕۆژی ١١ی مانگ کۆڕێکی وتار خوێندنەوە لە هۆلی سینەمای سیروان لەلایەن دەزگای ڕوشنبیری جەماوەرییەوە سازکرا .

**پ . هاوکاری**

*⊙*

## لیژنەی باڵای ئاهەنگ گێڕانی نەورۆز لە هەولێر

بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پیشکەوتنخواز لە هەولێر ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١٦ی ئەم مانگە بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ کاظم بطین سکرتێری لیژنەی ئاهەنگی نەورۆز کۆبونەوەیەکیان کردوە . لە کۆبونەوەکەدا داوای لە هەموو لایەك کردوە کە بەشداری ئاهەنگی نەورۆز بکەن .

هەروەها لە کۆبونەوەکەدا باسی پێویستی هاوڵاتیان کراوە لەگەڵ چۆنیەتی چارەسەرو جێبەجێ کردنی ئەو پێویستیانەدا بە شێوەیەك لەگەڵ ڕەوانگەی سوشیالیستیدا بگونجێت .



Institut Kurde de Paris

# گوڵی نەورۆز



ئەی کچی جوان ، شـــەوی بەهار .. کاتێ بەفر ئەتوێتەوە
نمەی باران ، دانە .. دانـــە ، لێوی ئاگر هەڵئەمژێ . .
هەورە تریشقەو .. برووسکە دێنە ناو زووری دڵتـــەوە
سەرما ئەمرێ .. ئەســـتێرەکان دێنە خوارێ و ..
تۆی رازاوە
ئەبیت بە مانگ ، ترووسکەت
وردە بەردو .. زیخ و .. چەوی کەنارەکانی تانجـــــرۆ
دائەپۆشێ
گیانە ئەگەر لەو شەوەدا ..
شاعیرێکی هەژارو رووت هاتە لەورکات
لێی مەپرسە چیت هێنـــاوە
لێی مەپرسە چی هێنـــاتی
باوەشی بۆ بکەرەوە ، بیخەرە ناو ئاگردانی هەناوتەوە
با بە خامۆشی بسووتێ و .. قرچە قرچی سووتانەکەی
ئاوازێکی ناسك و قووڵ .. ببەخشێتە گوڵی نەورۆز

سەلام محەمەد

## نەورۆز و کوردستان لە وێنەدا



کۆمەڵەی وێنەگرەکـــانی عێراق لە ٢١ وەبۆ ٢٣ی ئـــەم مانگە گەشتێ بۆ ئەندامەکـــانی رێك ئەخات و ئەچن بۆ سلێمانی ئەم سەردانەیـــان بەبۆنـــەی جەژنی نەورۆزەوەیەو بۆ گرتنی چەندان وێنەی رەنگاورەنـــگی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانەکانی بـــەرەوپێشکەوتن لە ناوچەی کوردستان .

- ساڵی ١٩٤٣ -
- لاوانی کورد -

## « بـــە نهێنی ئاهەنگی نـــەورۆزیان گـــیرا »

لـــە کاتی دوەمین جـــەنگی جیهاندا کە کـــەلان روبەروی پەرەی ئیمپریالیزم و فاشیزمی جیهان وەســـتابون .. لاوانی کورد لـــە بەغدا بـــە بۆنەی پیرەوەری جەژنی نەورۆزەوە بە نهێنی ئاهەنگێکیان گێـــرا .. لیژنەیەك لە لاوان و قوتابیـــان پێك هـــات بـــۆ سەرپەرشتی کردنی ئاهەنگەکەو داوایان لـــە کاربەدەستانی ئەوسا کـــرد ماوەیان بدەن یادی ئەم جەژنـــە نەتەوایەتیـــە بکەنـــەوە .. بـــەلام هـــەر دەســـتی دەستی یان پێ کرا ، ئینجا لاوە کوردەکان ناچـــار بون بڕیار بدەن هەرچۆنێك بێ و هـــەرچی رو ئەدات ئەم ئاهەنگە بگێڕن .
لە ٢١ی مارتی ١٩٤٣ نزیکەی ٢٠٠ ــ ٢٥٠ کـــەس لاوانی کـــوردی دانیشتوی بەغـــدا بەشداریان کـــردو بەرنامەی ئاهەنگەکەش بەم جۆرە بوو ..
١ ــ گردنەوەی ئاهەنگەکە بە سرودی ئەی رەقیب .
٢ ــ وتاری خوالێ خۆشبو یونس رئوف ( دلدار ) .
٣ ــ وتاری مامۆستا فایەق هوشیار .
٤ ــ وتاری مامۆستا نوری کاکە حەمە .
لەگەل سرودێکی تایبەتی بە بۆنـــەی نەورۆزەوە ، شیعری یونس رئوف ( دلـــــدار ) خوێندرایەوە .. هەروەهـــا ماموستا عـــەلی مەردانی گۆرانی بێژ چەند گۆرانیەکی هەر بـــە هەمان بۆنەوە پیشکەش کـــرد .. دوای ئەمانە هەندێك لـــە لاوە هونەر مەندەکان جۆشێکی هەڵپـــەرکێی کوردەواریانەیان ساز کرد ..

ئەمە بە یەکەمین ئاهـــەنگی نهێنی جەژنی نەورۆز دائەنرێ کـــە قوتابی و لاوو دانیشتوانی کوردی بەغدا پێکیان هێنا بو .

# نـــەورۆز و یـــاد

نوری حەیران

منـال بوم سەرەتای چاوکردنەوە ، گوێی گرتن و سەرنجدانم بو لەگەل منالانی گەڕەکدا لـــەسەرەتای هەمـــــو بەهارێکدا گۆرانی یەکی تایبەتیمان دەوت .. گۆرانی یەکە بەوە دەســـت پێ دەکات کە دەڵێت :

**« ئاگری نەورۆزکرایـــەوە ........ » لەم گۆرانیـــەدا ناوی حاجی توفیق ئەهات .**

ئەوکاتە نەم ئەزانی حاجـــی توفیق کێ یە .. مانای ئاگرو نەورۆزیشم نە ئەزانی .. تـــا ئەوەشم ئەزانی بۆ لە سەرەتای ئەو وەرزەدا ئەو گۆرانی یە وەك دەنگێکی ئەفسو ناوی دەچرپا بە گوێماندا و ئەمان وت و دەمـــان وتەوە ..

ســاڵ هات و ســـــاڵ رۆیی ئێمـــەش بەدەم چەرمەسەرەی ژیانەوە گەورەتر بوین .. لـــە قوتابخانەدا بەرەو پێش دەچوین .. گوێمان زیاتر شتی دەبیست .. سەرنجمان قوڵ و بەتینتر دەبو ..

نەورۆزیش لـــــە خولدان نەدەکەوت و بەهاری دەهێنـــــا بەهاریش جوانی و گـــوڵ و نازی دەبەخشی یە سروشت ، هەمـــو ئەو شتانەش هەستی زیـــــاتر ناسك دەکردین و شتی زیاتر فێر دەکردین .

گۆرانێکەی جارانمان گـــۆڕا .. بوە سرودو سرودەکە زیاتر لە هەستو بیرماندا ئەچەســـپاو بەنگی دەخواردەوە ..

ئەمجا ناوی پیرەمێرد هاتـــە ناو ئەولیستە ناوەوە کە ژیـــان فێری ئەکردن .. زیاتر لـــــە نەورۆز نزیك بوینەوە سرودەکەیمان چاکتر لەبەر کرد .. ئەمجا ئەك منالان ژن و پیـــاو قوتابی و مامۆستاو کاســـــب کار بەیەك دەنگ لە نەورۆزدا دەیان وت :

**ئەم رۆژی ســـــالی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**

**جەژنێکی کۆنی کوردە بـــە خۆشی و بەهاتەوە**

لەگەل فێر بونی ئەم سرودەولەبەرکردنیدا ئەوەشـــم بۆ رون بۆوە کە پیرەمێرد هەمان حاجی توفیقی نەورۆز پەرستە ..

حاجی توفیق دنیـــــای بەجێ هێشت و سەری نایەوە نەورۆزو یادی نەورۆزێکی جـــــــوان و پیرۆزی بۆ بەجێ هێشتین .. نەورۆزێکی خەماوی و ئاوارەی لە دلی ئێمـــــەی کوردا روان با ئێمەش ئەو لەیاد نەکـــەین وەك رۆلەیەکی بە ئەمەك لەگەل هەمـــوو نەورۆزێکدا! .. یادی پیرەمێرد فەرامۆش نەکـــەین و لە سەرەتای هەمو بەهارێکدا ژن و پیاو بەرەو گۆرەکەی بچیـــن و چەپکێ لەو گوڵە کێویلکەیەی ئەو دەشـــــــت و نزارە بۆن خۆشەی وەك یادگار لەســـــەر گۆرەکەی دانێین و لـــــە بۆنی خۆش و جوانی بەهارو نەورۆزی بێ بەش نەکەین .

Institut Kurde de Paris

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە
لـــە دەزگای هاوکاری چاپ و بلاوکردنەوەی
کـــوردی دەرئـــەچێ

تەلەفۆن : ٦٨٣١١ - ٣ خەت / ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦ - ٧٤

# نەورۆز

## پیرەمێرد

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتۆوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە بێ بەهرە بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکانی بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە
ئەوا ڕۆژ هەڵات ، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تائێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەلغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
بێ‌ی ناوی بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین



لە یادی «نەورۆز»ەی پیرۆزدا جەژنی نەتەوایەتی ماندا پیرۆزبایی لە گەلی کورد ئەکەین وە پیرۆزبایی لە تێکڕان گەلی عیراق ئەکەین، ئەوەی لەم ڕۆژە پیرۆزەدا پێویستە دەستی بۆ بکێشین ، یادی نەورۆزی ئەمسالمان لە بارو دۆخێکی جیاوازدایە لە رووی ئەوگۆڕانە پێشکەوتوانەوەکە لەولاتەکەمان بوون‌و هیوامان بەپاشە ڕۆژێکی بەختیارتر زیاتر فراوان ئەکا ، گەلی کورد ، بەوەی لە سایی عیراقی برایەتی‌و ئۆتۆنومی‌و یەکیتی هێزە نیشتمان پەروەرەکاندا جەژنی نەورۆز ئەگێڕی بەوشێوەیەی کە بۆیەکەمجار لە دوای شۆڕشی ١٧ تەموز بەرەسمی دان بەوەدانراوە نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی گەلی کوردە ، ئەڵێین گەلی کورد لە کاتێکی وادا زیاتر شور ئەبێ لە سەر پاراستنی یەکیتی کۆماری عیراق‌و پاراستن‌و قوڵ کردنەوەی ئەو دەسکەوتە مەزنانەی دەست تێکڕای گەلی عیراق کەوتوە بەتایبەتی ئۆتۆنومی ناوچەی کوردستان .

لە نەورۆزدا ، سلاو لە خەباتی ناوکویی هەردوو گەلی عیراقی برا « کوردو عەرەب » . بەرەو پاشەڕۆژێکی باشتر لەسایی ئەو دەسکەوتە پێشکەوتوانەی شۆڕشی ١٧ی تەموز بۆی زامن کردوین .

ـ هاوکاری ـ

Institut kurde de Paris

هاوکاری
١٩٧٦/٣/١٨ ژمارە (٣٠٩)



# نەورۆز

## لە نەورۆزدا هاتەوە

کورتە چیرۆك

- محەڕەم محەمەد ئەمین -

یەکی نەورۆز بو ، لە گەڵ کشانی تاریکاییدا ، بڵێسەی ئاگر لەسەر لوتکەی ئەزمڕو گڵەزەردەو گردەکەی مامەیارە بەرزتر ئەبۆوە ، لە کۆڵانەکەی ئێمەشدا لەبەر نیڵەنیلی ئاگرو دوکەڵی کۆنەتایەدا ، منداڵەوردکە بەدەم گۆرانیەوە هەڵئەپەڕین • جار جارەش پەنجەی دەستی لاوانی خوێن- گەرم ئەکەوتە سەر پەلەپیتکەی دەمانچەو تفەنگو ئەبوبە تەق‌وتۆق •

ئەگەرچی ئەو نەورۆزەلەنەورۆزکانی تر نەئەچو ، خەڵکی تیایا بەئاشکرا زەماوەندوئاهەنگیان ئەگێڕا ، کەچی من دڵتەنگو ماتو مەلول بەدیار چەند مۆمێکی داگیرساوەوە لە ژورەکەمدادانیشتم ، دەوریەك سەمەنیم لەبەردەمدا بوو کەباجی گوڵچنی دراوسێم بۆی هێنابوم بەڵام دەمم بۆ نەئەبرد هەرچەندەلەوەپێش زۆر حەزم لێئەکرد • هەرچاووم بڕیبووە ئەوتابلۆیەی لە چوارچێوەیەکی سوردا بەرامبەرم هەڵواسرابو ،جارجارەش هەناسەیەکی ساردم هەڵ ئەکێشاو ناوچەوانم ئەخستە سەر لەپی دەستمو بیرم ئەکردەوە •• کارەساتی پێش دەساڵ وەکو فلیمی سینەما بە مێشکا ئەڕۆیشت،بەشیمان بوبومەوە لەهاتنەوەم بۆ سلیمانی ، ولەدانیشتنم لەم ژورەدا ، بەڵی دەساڵ لەمەوپێش ئیستا چۆن ئاوادانیشتومو سەمەنیم لەبەردە- ستدایە ، ئاوەها لەگەڵ نەورۆزکەلەم تابلۆیەی بەردەممدا پێ ئەکەنیو نیرگزی دایکیا سەمەنیمان ئەخوارد ، ئەوسا نەورۆز تەمەنی شانزە ساڵ بوو ، دایکم هەمو جارێ چی‌ئەوت ( رۆڵە وادیارە تۆیش‌چویتەوەسەر باوکت ، دەست بەکڵاوی خۆتەوە ناگری‌بابانەیبا ) •• بەڵێ لە کاتێکدا سەمەنیمان ئەخوارد بەدەم‌سرودی ( ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە ) کەلە تەسجیلەکەوە بەرز ئەبۆوە، گەنم گردی دەرگای دەرەوەگیرا نەورۆز خێرا تەسجیلەکەی داخستو بەرەو حەوشەرۆیشت‌منیش کەگەیشتمە بەر دەرگاکە گوێم لە غەڵبە غەڵبو قسەی ناشیرین بوو لەودیو دەرگاکەوە بەدڵە کوتکێ هەرکە دەرگاکەم کردەوە چەند زەلامێك بە چەکەوە پالیان پێوەنام لەگەڵ خۆیاندا کردمیان بە ماڵدا ، گەورەکەیان چەندزللەیەکی لێدامو پاش هەڕەشەو گوڕەشە وتی :(لە تۆنەبوینەوەنۆبەی کوڕەکەتە ، کوا ؟ لە کوێیە ؟ ) •• جەك‌بەدەستەکان بەماڵا بڵاو بوونەوە ، ژوربەژور گەڕان ،تەنانەت ناو کەنتۆرەکانیش دڵم وەها لێی ئەدا ئەمگوت‌ئیستا لەسنیگمەوە دێتەدەرێو ئەفڕێ •• نەورۆزیان بۆنەدۆزاریەوە ، گەورەکەیان کە لەحەوشەکەدا راوەستابوو ئەڕاندی : ( راکەن بۆ سەریان ، بەم پەیژەیەداسەرکەوتوە ) •• کەس لە سەربان نەبوو ، گەورەکەیان‌لەرقا چەند جنێوێکی داو وتی : ( لەم بانیژەیەوە بازی‌داوەو دەرچووە ، بچێ بۆ ئاسمانیش لە دەستم دەرناچێ،جارێ ئێوە باوکی قۆڵ بەست بکەن بالەگەڵ خۆمانا بیبەین •جیاوازی لەنێوان کوڕوباوك‌دا نیە ، گەورە ئاو ئەرژێ‌وبچوك بێی تێ‌ئەخا ) ••

بەقۆڵ بەستراویو لەژێر بارانی جنێودا بردمیان ، پاش ماوەیەك لە بیابانێکی کاکی‌بەکاکی‌دا لەناو قەڵایەکی پڕ لە بەندکراودا گیرساندمیانەوەنە ئاگام لە کەس بوو ، وەنە دەنگیشم بەکەسدا ئەگەیشت •

پاش ماوەیەکی دور کە بەربوم وگەڕامەوە ماڵی ، دایکە پیرە سەر لە رزۆکەکەم بەهەناسەیەکی ساردو چاوی پڕ لە فرمێسكو بەدەنگێکی نزمەوە لە هەموشتێك ئاگاداری کردم ( نەورۆز لەوەتەی رۆیشتوە هەواڵی نازانینو ئەڵێن کوژراوە •• دایکیشی لەبەر تۆو کوڕەکەی ئەوەندەی خەفەت خوارد سوێی بۆوەو مرد ) ••

ئاخ ئیستاش ئەم قسەیەی دایکم دەنگ ئەداتەوە لەگوێما• کە دایکم ئەمەی بۆ گێڕامەوە ئیتر خۆمم پێ نەگیراو چاوم بەرای نەئەدا لەماڵەکەماندا بمێنمەوە ، هەندێك کەلوپەلم خستەناو جانتایەکی بچوکەوەو چوم بۆ دێی ... لای هاورێ یەکم نیشتەجێ بوم •

سەیرێکی تابلۆکەم کردەوەو ئاخێك لەدەمم هاتە دەرێ •• نازانم پاش ئەم ماوەدرێژەو لەیەکی نەورۆزدا بۆ هاتمەوە ، ئەم ژورە پڕ بیرەوەریە بە ئاسۆرە ! فرمێسك هۆن‌هۆن بەچاومدا ئەهاتە خوارێ ، هەمدیسان لەدەرگا درایەوە ، دەنگی دەرگا خەیاڵی بچڕیم، لە دەرگادانی ئەمجارە لە دەرگادانەکەی دەساڵ لەوەپێش نەئەچو ، دەرگاکە هاواری نەئەکرد ، بەڵکو بەنەرمی ئەیگوت ( بم کەرەوە )•• کە دەرگاکەم کردەوە وەختەبوو لە هۆشی خۆم بچم ، چاوم گڵۆفت وام زانی خەو ئەبینم بەڵام خەو نەبوو ، نەورۆز بوو لەبەردەممدا راوەستابوو ، من حەپەسا بووم نەمئەتوانی ببزوم بەڵام ئەو کە کەوتە ماچ کردنم هۆشم هاتەوە بەرو باوەشم پیاکردو کەوتمە ماچ کردنی ، بەجوتە هاتینەوە ژورێ • دایکیشم بەلەرزلەرز لەناو جێگا هاتە دەرێو ئەم لاوئەولای نەورۆزی ماچ کرد ، لەپاشا دایکم هەڵیدایە : ( رۆڵە ئەوە بۆ ئەم ماوە دورو درێژە نامەیەك یان هەواڵێکی خۆتت بۆ نەناردین، وابڵاو بوبۆوە کە ئەماویت ، دایکت بە هۆی تۆوە سوێی‌بۆوە مرد •• باوکیشت ماوەیەکی دورە بەئاوارەیی‌ئەژی ئەمشەو لەیەکی نەورۆزدا هاتۆتەوە ) ••

نەورۆز کەمردنی دایکی‌بیست دایە پرمەی گریان ، لە پاشا کەنەختێك کوڵی گریانی نیشتەوە وتی : ( دایەگەورە •• من لەسەربیرو باوەڕێکی پیشکەوتنخوازانە میری تەنگی پێ هەڵچنیمو ئەوەبو کە پەلاماریان دام بەردەستیان نەکەوتم رۆیشتم• بەڵام لەوێش بارم باشتر نەبو ، بەڵکو ئەوەندەی پێ‌نەچوو سەرەك هۆزێك گرتمی خستمیە زیندانێکەوە لەزیندانەکەی حەزرەتی یوسف نەچو ، لەبەر ئەوەی گوایارەنجبەرەکانی لێ هان ئەدەم ، ئەوەتەی رۆیشتووم نەمتوانیوەدەنگم بەکەسدا بگا • ) منیش کە هێشتا قسەم لەدەم‌نەهاتبوە دەرێ هەر بەکوڕەکەمدا هەڵم ئەڕوانی هەڵم‌دایە:(ئەی چۆن هاتیتەوەو لەدەست ئەو سەرەك هۆزە رزگاربوو ) ؟•

نەورۆز لەوەڵامدا وتی:(لەوێ بڵاو بوبۆوە کە حیزبێکی نیشتمان‌پەروەری پێشکەوتنخوازهاتۆتە سەر حوکم ، دژی چەوساندنەوەیە ، ئەتەوایەتی‌بێ یاچیناپەتی کە ناوی حیزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەئەیەوێ عیراق بەرەو ریژیمی سوشیالیستی بەرێ ، ئەمەسەرەك هۆزەکانی پەشۆکاند ، لەپاشدا کە بەیان نامەکەی‌یانزەی ئازار هەفتەیەك لەمەوپێش بڵاو بۆوە دان‌نرا بەمافەکانی نەتەوەی کوردماندا ، چەکدارەکانی زۆربیان ئیتر هەڵگرتنی چەك دژی حکومەتی نیشتمانی بەرنەگەرێ بۆخیانەت ، چەکیان فرێ‌داو گەڕانەوە بۆ سەرئیش‌وکاری‌خۆیان سەرەك هۆزەکانیش کەزانیان، کەسیان لەدەورد نەما بڵاوەیان لێ‌کردو ئەو پێشکەوتنخوازانەی گرتبویانن‌بەرەڵلابون •• وامنیش هاتمەوە تا بەشداری بکەم لەئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەماندا و چەسپاندنی حوکمی ئوتونومیدا •

نەورۆز لەنەورۆزدا هاتەوە،دەنگی سرودەکەی دەساڵ لەمەوپێش لەتەسجیلەتەپوتۆزاویەکەوە بەرز بۆوە ، ( ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە •• ) • لە گەڵ تەواو بونی سرودەکە ئێمەش لەسەمەنی خواردن بوینەوە •

---

## گولالە

گوڵاڵە بۆیە لای من پیرۆزە
دروشمی یادی جەژنی نەورۆزە
چونکە ناوجەرگی رەش‌و سووتاوە
تیا بەدی ئەکرێ دەروونی کاوە

- شیخ ئەنوەر -



Institut Kurde de Paris

وە لە دان ناندا بە مافی هاووڵاتیە کوردەکان دا بەوەی یادی
بیرەوەری جەژنە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەنەوە ، وە لە پێناوی
ئەوەدا کە هەموو گەل بەشداری لەگەڵ ڕۆڵەکانی گەلی کورددا
بکات لەم جەژنەدا ، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری دا جەژنی
نەورۆز „ ببێتە جەژنێکی نیشتمانی لە کۆماری عیراقی دا .

لە بەیاننامەی ١١.ی مارتی ئەمرەوە

# لە بیرەوەری ٣٠ ساڵ لەمەوبەری جەژنی نەورۆز

## چەند یادگارێك

ـ غەفور ـ

سالەهای سالە گەلی کوردی نەبەزمان بەکول تەقەللانەداو تێئەکۆشێ بو ئەوەی پەردەی نهێنی رەش لەسەر مێژوی پرشنگداری لابەرێ ، بەپەرۆشەوە سەرنجی لاپەرە ونبووەکانی سەرگوزشتەی ژیانی رابردوی ئەدا ، کونو قوژبنی تاریکی رێرەوی باب وباپیری ئەپشکنێ ، هەمیشە عەودالی رون کردنەوەو ئاشکراکردنی کە لەپوری نەتەوایەتی بوە ، بۆساغ کردنەوەی ئەمراستیەو گردنەوەی ئەم گرێ کوێرانە وەکو شاسواری کۆری مەیدان لەخەباتا بووە بۆ دۆزینەوەی ئەو گەوهەرودوڕانەی کە پێشینانمان بۆیان بەجێ هێشتوین ، تاکو تێکرائەم سەروسامانە بەنرخە بخاتە سەر خەرمانی کەلەپوری نەتەوایەتیو کوشکی بەرزی مێژوی رابوردوی لێ بنیات بنێ .

ئەمرۆ پاش خەباتێکی سەختی بێوچان گەلی کورد گەیشتۆتە ئەوراستیەی کە جەژنی نەورۆز جەژنێکی نەتەوایەتیە ، یادی ئەورۆژەپیرۆزەیە کە جەماوەری زەحمەتکێش بە سەرکردایەتی کاوەی ئاسنگەر هەلیان کوتایە سەر خوای ئەهریمەنو زۆرداروبە پشتیوانی گەل ، هێزی نارەوای دابەزەویداو یادی رۆژی سەرکەوتنو ئازادی گەلە ، رۆژی ژێرکەوتنو بەزینو شکاندنی دامو دەزگای زۆردارانە .

بێ گومان نەورۆز گەلێك قۆناغو پلەی سەختی بڕیوە ، بەناو هەزاران هەلدێری سیاسیو هەورارو نشێویو دۆخی جۆربەجۆری کۆمەلایەتیدا رۆیشتووە ، چەندان بلاروتەوانجی کۆنەپەرستانەی پوچ کردۆتەوە .. رۆشنبیرانو ئازادیخوازانی کورد هەمیشە لە پێناوی چەسپاندنی روی واقیعی نەوروزدا وەکو جەژنێکی میللیو نەتەوایەتی هەرگیزدرێغیان نەکردوە،خۆیان بەخت کردوە ، قوربانیان داوە ، بونەمیوانی بەندیخانەکان ، بەروی حکومەتە کۆنەپەرستەکاندا هەلساخاونەتەوە ، ئاگری نەورۆزیان لەسەرلوتکەی چیابەرزەکانا ئەکردەوە .. ئەوەندەی توانیویانە جەژنی نەورۆزیان خستۆتە قالبێکی نەتەوەییەوە .. وێنەورۆخسارێکی تازەیان بەسەردا داوە وکردویانەتە رۆژێکی ئازادی لە مێژوودا .. بۆنە جێگای شانازیو سەر بەرزی گەل بۆ ئەوەی ببێتە بنچینەی بۆ بێشەوە چونی جولانەوەی کوردی لە پێناوی مافی رەواو گەیشتن بە ئاواتو ئامانجی .

لە دەورویەری رژێمی ئیمپریالیزمو پاشایەتی گۆڕ بە گۆردا زیندووکردنەوەی ئەمرابوردوە شورشگێریە ، یادکردنەوەی ئەم جەژنە پیرۆزە لەناو سنورێکی تەسکی دیاریکراودا بو ، دامو دەزگای حکومەت تاکو پاش جەنگی دووەمیش دەرفەتی ئەوەی نەئەدا کە ئەم بیرەوەریە لە چوار چێوەی تایبەتی خۆی دەرچیو زیان بە بەرژەوەندی بەرزیان بێنێ ، بواری نەئەداکە ئاگری نەورۆز بە جەشنێ بکرێتەوە کە ئاگربەربانە دامودەزگای رزیوی بۆگەنیان ، یان ببێتە هۆی هەژاندنی گیانی شورشگێریو وریابونەوەی گەل .. کەباشە رۆژی رژێمیان بخاتە مەترسیەوەو ببێتە دروشمی روخاندنیانو سەرکەوتنی جولانەوەی نیشتمانی لە عیراقا ..

. پیاوەکانی ئیمپریالیزم وایانلە قەلەم دابوو کەئەم جەژنە دژی ئەمانەو هیچ پەیوەندی یەکی بەکوردەوە نیە ، مەبەستیان لەم چاووراوەدادابڕینی گەلی کوردبوە لە رابوردوی روناکی بۆ ئەوەی بەمجەشنە بتوانن رۆژێك زیاتر درێژە بەتەمەنی زورداریان بدەن . هەر لەبەر ئەوە بوورێگایان بە جەماوەری گەل نەئەدا کە بەئارەزوی دلی خۆیان یادی ئەم رۆژە بکەنەوە ، لەلایەکی تریشەوە ئەیانویست ئەم جەژنە هەر لە قالبێکی سروشتیدا بهێلنەوە .. هەر جەژنی بەهارو گولو گولزاربێ .. جەژنی زۆران بازیو مل ملانی نێوان بەفرو هەلەکۆك بێ .. ئەفسانەی سروشتو سەرکەوتنی روناکی بەهاروتواندنەوەی بەفر بێ بەسەر شەوەزەنگی زستانی سەهۆلبەندانا .. ئەمە لەلایەکەوە ، لە لایەکی تریشەوە نابێ ئەوەمان لە یادبچێ کە جولانەوەی نیشتمانی لەسەرانسەری عیراق ، تاقۆناغی پاش جەنگی دووەم نەگەیشتبوە پایەیەکی بەهێزی ئەوتۆ کە خۆی بەسەردامو دەزگاکانی ئیمپریالیزم دا فەرز بکاتو خواستی رەوای خۆی بەسەر مەبەستی گلاوی دوشمندا زال بکات .. واتا لە بارو دۆخێکی لاوازو بێ تواناداپوو .

سالەکانی کۆتایی جەنگی دووەم نەورۆز لە چوار چێوەی ئەوبارو دۆخەدا یادئەکرایەوە کە جولانەوەی نیشتمانی لە عیراقا بەگشتیو جولانەوەی کورد بەتایبەتی نیایا ئەژیا .. ئەم یادکردنەوەش شێوەیەکی ئاسایی وەرگرتبو ، لەسنوری ئاگرکردنەوەو گۆرانیو هەلپەرکێو خواردنوخواردنەوە تێپەر نەئەبوو ، بریتی بوو لەشیعرو پەخشان خوێندنەوە بەسەر جوانی گولو بەهارو رازاوەکانی سروشتدا ، جاربەجاریش باسی زوحاكوکاوەش ئەکرا .

Institut Kurde de Paris

